سەرکی یەکێتیی لە دەباشان پێشوازیی لە مارک سترە کونسوڵی گشتیی ئەمەریکا لە هەرێم کرد

بافە تاڵەبانی، سەرکی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە دەباشان پێشوازیی لە مارک سترە، کونسوڵی گشتیی ئەمەریکا لە هەرێم کرد.

لە دیدارەکدا بەپێی نوسینگەی ڕاگەیاندنی سەرکی یەکێتیی، دوایین گەشەی سیاسییەکان گفتوگۆیان لەبارەوەکرا و جەخت لە گفتوگۆ و لێکتێگەیشتنی نێوان لایەنە سیاسییەکان کرایەوە بە ئامانجی چارەسەرکردنی کێشەکان و گەیشتن بە چارەسەرێکی گونجاو لەپێناو پاراستنی سەقامگیری لەناوچەکە.

لەدرێژەی دیدارەکەدا دەخی سیاسیی عێراق تاوتوێکرا، بافە جەلال تاڵەبانی هەوڵستی یەکێتی ڕوونکردەوە و ڕایگەیاند، هەوڵەکانمان بە ئاڕاستەی سەرخستنی پرۆسەی سیاسی و پاراستنی ئارامیی وڵاتە لە کێشە هەرەمییەکان. وتیشی، کێشەکانی هەبژاردنی سەرکی ئەنجوومەنی نوێنەران بەرەو چارەسەر دەڕوات و تێگەیشتنی تەواو دروستبووە کە دەبێت دەسەڵاتی یاسادانان کاراتر بکرێت.

لەبارەی هەبژاردنی پەرلەمانی کوردستانیش سەرکی یەکێتیی جەختی لە ئەنجامدانی هەبژاردنێکی بێگرد کردەوە کە ڕەنگدانەوەی خواستی هەموو لایەنە سیاسییەکان بێت و ببێتە هۆی بەهێزترکردنی قەوارەی هەرەم نێک لێکترازان.